# پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای هێزە سیاسیەکانی کوردستان دیموکراسی مردار دەکاتەوە

**ڕێکار ئەحمەد**



گەلی باشووری کوردستان ئومێدەواربوو کە دەستەڵاتداران سۆز و بەڵێنی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو هەڵبگرنەوە!

جەماوەر پێیوابوو کە ١٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئەزموونێکی مەزن بووەو وانەیەکی بەسوودی پێشکەش بە حزبەکان کردووەو ئیدی حزب و حکومەت لێک جیادەکرێنەوە!

خەڵک ئاواتەخوازبوون کە ئیتر سەرکردەی حزبەکان دەست لەکاروباری حکومەت وەرنەدەن و بڕیارو ڕاسپاردەکانی خۆیان بەسەر پەرلەمان نەسەپێنن، بەڵام لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا ڕۆژی ١٩-٢-٢٠٠٧ لە ئەنجامی کۆبونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستاندا، بڕیاری پێکهێنانی دوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی درا. ئەنجومەنی یەکەمیان، ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەبێ و هەر سێ سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم تێیدا ئەندام دەبن، (ئەنجومەنی دووەم)یشیان ناوی ئەنجومەنی باڵای هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ، بەچاودێری سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکردە یا سکرتێر یا سەرۆک و کەسی یەکەمی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان تێیدا بەشدار دەبن .

لە پێوەندی ئەم باسەدا ڕاشکاوانە دەڵێم: پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای هێزە سیاسیەکانی کوردستان وەک ئەنجوومەنێکی سەرۆکایەتی بەهەر مەبەستێکەوە پێشنیار کرابێ و بڕیاری لەسەر درابێ، پاشگەزبوونەوەیە لەو هەنگاوانەی کە بەناوی دیموکراسیەوە بانگەشەیان بۆدەکرا، لە کردەوەشدا پوکاندنەوەی ئەو چرۆیانەیە کە لە سیستەمی بەناو دیموکراسی باشووری کوردستان چاوەڕوان دەکرا.

هێشتا بەرئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە ئاشکرا نەکراون، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەو لایەن و هێزانە بانگ دەکرێن کە لەخولگەی دەستەڵات دەسووڕێنەوەو سیاسەتەکانی ئەوان باوەشێنە دەکەن، چونکە دەستەڵاتی کوردستان هێشتا چەمکی دیموکراسیی هەرس نەکردووە و ناتوانێ گوێ لە ڕامانی جیاواز بگرێ، هێشتا لە باوەڕی قوڵی خۆیدا دیاردەی فرەحزبی پەسند نەکردووە، هێشتا لە ئاوەزی سەرکردەی بێهاوتاو حزبی فەرمانڕەوا و پێشڕەودا دەتلێتەوە!! بۆیە ئەوانەی کە بەدرێژایی تەمەنی خۆیان سووکە ڕەخنەیەکیان لە دەستەڵات نەگرتبێ و بێپەروا بۆ مسوگەرکردنی پشکی خۆیان لە دەستەڵات هەوڵیان دابێ، بانگ دەکرێن و ئەم ئەنجوومەنەیان پێ پڕ دەکرێتەوە.

لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستیندا کاتێ لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردا "گەل" نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێری و ڕەوانەی پەرلەمانیان دەکات، ئەو دەستەڵاتەش بە پارلەمان دەدات کە یاسا دابنێ و بڕیار بدات و چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتەوە بکات، بەڵام کاتێ لە دەرەوەی پارلەمان و بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبە دەستەڵاتدارەکانەوە مەکۆ یان ئەنجومەنێکی بڕیاردەر دروست دەبێ هیچ واتا و سەروەریەک بۆ هەڵبژاردن و دەنگی گەل و پارلەمان و نوێنەران نامێنێتەوە، شێوەی کۆدێتای سەربازی دەنوێنێ و لە ناخی خۆشیدا دەستەڵاتی پاوانخوازی حزبەکان ڕەنگ دەداتەوە.

ئێستا کە سەرکردایەتی حزبە دەستەڵاتدارەکان بەسەر یاسا باز دەدەن و برگەو بنەماکان لەژێر پێ دەنێن و بڕیاری پێکهێنانی دوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەدەن، دەبێ پرسە بۆ ئەو بۆرە ئازادیەش دابنێین کە لە مێژە خەونی پێوە دەبینین.

لەوانەیە دەستەڵاتداران پاساو بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای هێزە سیاسیەکانی کوردستان بهێننەوەو بانگەشەی ئەوە بکەن کە لەسەر داواو پێشنیاری ئەو پێنج لایەنە هاتووە کە ماوەیەک لەمەوبەر نیگەرانی خۆیان پێشاندابوو، وایان بڵاوکردبۆوە کە حزبە دەستەڵاتدارەکان ئەوانیان فەرامۆش کردووەو پێبەندی ئەو بەڵێنانەیان نابن کە پێش هەڵبژاردن پێیان دابوون؟! لەوانەیە دەستەڵاتداران پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە بە زێدەمافی دیموکراسی بەسەرماندا بفرۆشنەوەو وا بڵاو بکەنەوە ئەوان سینگیان فراوانە و بۆ ڕای حزبە هاوپەیمانەکانیان!! دەگەڕێنەوەو هەناسە ساردیان ناکەن!!

هەڵبەت ئەو پێنج لایەنەی کە ماوەیەک لەوبەر پێشنیارێکیان بە سەرکردایەتی هەردوو حزبە دەستەڵاتدارەکە دابوو، ئەندامیان لە پارلەمانی کوردستان هەیە، لە حکومەتی هەرێمیشدا پێکیان کراوەو پۆستیان پێدراوە، کەواتە هیچ پێویست بەوە ناکات کە گلەیی بکەن و داوای زێدەمافی دیکەش بکەن.

هەرچۆنی بێ ئەوە جارێکی دیکەش بەرەی کوردستانی لە بەرگێکی دیکەدا نۆژەن دەکرێتەوەو دەستەڵاتی بۆ دەگێڕدرێتەوە. ئێستاش زۆرێک لە لایەنەکانە پەڕپووتەکان خەون بەو بەرەیە دەبینن کە لە سەرووبەندی ڕاوەستانی شەڕی عێراق_ئێران پێکهێنرابوو، ڤیتۆی تێدا بەکار دەهێنراو بڕیارەکانی بە تێکڕای دەنگ پەسند دەکران و پشکی هەموو لایەنەکانیش مسۆگەرکرابوو.

وێڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسکران، دەبوایە پارلەمانی کوردستان پێداگری لەسەر یاسا و سەربەخۆیی بڕیاری خۆی بکردبایەو بەرگێکی یاسایی بە ویستی سەرکردایەتی حزبەکان بکات، چۆن کاتی خۆی لەسەر بڕیارو ڕێککەوتنی نێوان دوو حزبە دەستەڵاتدارەکە پارلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٤-١-٢٠٠٦ لە دانیشتنێکی نائاساییدا ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کردو حزبەکانی ڕازی کرد، ئەمجارەشیان دەیتوانی لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری سەرکردایەتی، ئاوارتە کۆبێتەوەو بڕیار لە پێکهێنانی هەردوو ئەنجوومەنەکە بدات.

بەپێی ئەو ئەزموونە مێژووییەی کە تۆماریان کردووە، باوەر ناکرێ کە دەستەڵاتداران گوێ لە دەنگی پێچەوانە بگرن و پێوانە بۆ ڕامانی دیتران بکەن، لەوانەیە ویستی خۆیان سەر پشک بکەن و پاشگەزنەبنەوە، بەڵام دەبێ بزانن کەیاسای ئەم وڵاتەیان لەژێر پێناوەو بەسەر خوێن و قوربانیەکانی شەهیداندا دەڕۆن و لەخەمی فراوانکردنی بەرژەوەندی کەسەکاندا هەنگاو هەڵدەگرنەوە.

# ئایا پلانی ئەمنی چارەسەری ڕەوشی سیاسی عێراق دەکات؟

**باوکی زانیار**

لەدوای تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی عێراقداو ڕوخاندنی گەورە دیکتاتۆری بەعس، کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەهەموو نەتەوە تائفەکانیەوە چاویان بریبوە ئاسۆی دوا ڕۆژێکی گەش و پرشنگدارو بیریان لەژیانێکی خۆش گوزەرانی و دنیایەکی جیاوازتر لەڕابردوو دەکردەوە، بەڵام مەخابن ئەم ڕەوشەی ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێت، خەریکە بەتەواوی خەڵک بێ ئومێد دەکات و ناکۆکی و ململانێی تائفی و مەزهەبی گەیشتوەتە ڕادەیەک تەڕوو وشک پێکەوە دەسووتێنێت، ئێستا وڵات بەتەواوی لەهەموو لایەکەوە تووشی کارەسات و وێرانی دەبێتەوە و ڕۆژانە هێرش و پەلاماری تیرۆرستیانە دەکرێتە سەرە دام و دەزگاکانی وڵات و ژێرخانی ئابووری تووشی داڕمانێکی بێ وێنە دەبێتەوەو هاوڵاتیانی مەدەنیش ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دێڵن و ڕوو لەوڵاتی دەورو بەردەکەن و لەژێر خێمەو ڕەشماڵ ژیان بەسەر دەبەن و چاوەڕێی دەست خەڵک دەکەن لەدەست برسێتی و سەرما ڕزگاریان بکەن کەچی خۆیان لەوڵاتێکدا بوون کەخاوەنی سەروەت و سامانێکی دەوڵەمەندو پڕ نەوتدا کەدەتوانێت زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس زیاتر خەڵک بەخێو بکات و سامانی نەوتەکەی سێ یەمین ڕێژەی یەدەگی نەوتی ژێر زەوی یە لەجیهانداو لەدوای کوژرانی ئەم ژمارە سەر سوورهێنەرەی ئێستا لەعێراقدا، تازە بەتازە لایەنە سیاسیە بەهێزەکانی ناو عێراق و نەخشە دارێژەرانی کۆشکی سپی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا پلانێکی نوێ و تاکتیکی نوێ بۆ عێراق دادەرێژن و دەیانەوێ لەڕێگای سوپاو بەهێزی سەربازی چارەسەرێکی بەپەلەی ئەم ڕەوشەی نێو شاری بەغداو دەرووبەری و چەند شارێکی تری ناوەڕاستی عێراق بکەن، کەچی زۆربەی چاودێرانی سیاسی و هەندێکیش لەسیاسەت مەدارانی ئەمریکا دوو دڵن لەسەرکەوتنی ئەم پلانە نوێ یە بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ عێراق، بەڵام ئەوەی کەدەبینرێت ئێستا لەعێراق، ئەو گرژی و ململانێ توندەی نێوان تائفەو مەزهەبەکان پێ ناچێت بۆ ماوەیەکی نزیک هێور بێتەوە، چونکە ئێستا زیاتر لە ٢١ ڕۆژ بەسەر ئەم پلانە ئەمنیەدا تێدەپەرێت کەچی کوشتن و ڕفاندن و ئۆتۆمبیلە بەمین ڕێژکراوەکان هەر بەردەوام دەتەقنەوە و کوشتن و بڕین هەر ڕوو لەزیادبوونە، ئەوەی ئێستا لەعێراق دەخوێندرێتەوە بۆ چارەسەری ئەم ڕەوشە، ئەوە باشترین چارەسەرە بەڕێگای سیاسی و هەڵوەشاندوەی عێراق بۆ سێ هەرێمی کوردی،و شیعی و سونی،و دابەشکردنی سامان و داهاتی ئەم وڵاتەیە بەسەر نەتەوەکانی ناو عێراقدا بەیەکسانی و دادپەروەری و قبوڵکردنی زمان و ناسنامەی یەکتر لەلایەن خودی عێراقیەکانەوە و گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان خۆیانداو پەنا نەبردن بۆ زمانی شەڕو وەلاوە نانی توندوتیژی کە لەبەرژەوندی هیچ نەتەوەو تائفەیەکی عێراقدا نی یە.

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی بەرەی گۆڕان

ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٢ ئەنجومەنی بەرەی گۆڕان لەبارەگای حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبۆوە. سەرەتا بەدەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، دواتر کاروچالاکیەکانی مەکتەبەکان هەڵسەنگێنران، ئەوسا ئەنجومەنی بەرەی گۆڕان لەمەڕ ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکانی ناوچەکەو عێراق و کوردستان هەڵوەستەی کردو دیدوتێڕامانی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی.

بەرەی گۆڕان سەبارەت بەکێشەو ئاڵۆزیی و قەیرانەکانی عێراق و پلانی ئەمریکاو حکومەتی بەغدا بۆ گێڕانەوەی ئاسایش کە ئێستا بەڕێوە دەچێ، پێیوایە کە ئامانج ناپێکێ و ناتوانێ ئەم بارودۆخە گرگرتووە هێوربکاتەوە.

بەرەی گۆڕان بۆ دەربازبوون لەم قەیرانانە و پێشگرتن لە لافاوی خوێن و کوشتار، دابەشبوونی عێراق بۆ سێ پارچەی خاوەن سەروەری جیاواز بە چارەسەر دەبینێ، چونکە کێشە مێژوویی و ناکۆکیەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی ڕیشەی قوڵیان هەیە و ئێستاش زەقتر بوونەتەوە

بەرەی گۆڕان هەرلەپەیوەندی بەبارودۆخی عێراقەوە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر بۆ سەر هەرێم بە ئەرکی لە پێشینەی کوردستانیان دادەنێ و هیوای خواست کە چیتر خەم ساردی لێنەکرێ ، بۆ ئەم مەبەستە دەخوازێ کە حکومەتی هەرێم لەمیزانیەی خۆیدا پارەی پێویست تەرخان بکات و چاوەڕێی حکومەتی بەغداد نەکات ، ئەمەش بەپێی پلانێک و بەشێوەیەکی شەفاف بۆ ناردنەوەی هاوردەکان و گێڕانەوەی دەربەدەرکراوەکان خەرج بکرێ، تاوەکو پرۆسەی یەکەمی ئاسایی کردنەوە جێبەجێکردنی و ئەو یەکە ئیداریانەی کەلەکەرکوک دابڕاون بخرێنەوە سەر شوێنیی خۆیان و پرۆسەی ڕاپرسیش لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوە بچێ.

بەرەی گۆڕان هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیاو لێوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیرانی تورکیای لەبەرانبەر هەرێمی کوردستان و کێشەی کورد بەگشتی هەڵسەنگاندو جەختی کردەوە کە دەبێ تورکیا سەردەمانە بیر بکاتەوەو دەستبەرداری سیاسەتی نکوڵی کردن و شەڕەنگێزی بێ و هەوڵ بدات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و هاوسەنگدا پێوەندی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەرە پێبدات .

کۆبونەوە لەمەڕ بارودۆخی کوردستان هەڵوێستەی کردو بڕیاری دروست بوونی ئەنجومەنی سیاسی کوردستانی ڕەخنە کردو بەکەم کردنەوەی ڕۆڵی پەرلەمان وحکومەتی لێکدایەوە، پێیوابوو کە بەمەبەستی هێشتنەوەو بەردەوامی شکۆی حزب و دەسەڵاتی حزب لەسەروی دەسەڵاتەکانی گەل هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێ کە ئەمەش لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی نایەتەوەو زیان بە ڕەوتی دیموکراتیزەکردن دەگەیەنێ.

بەرەی گۆڕان لە ڕووداوەکەی ئەم دواییەی شێخانی کۆڵیەوەو نیگەرانی خۆی نیشاندا و ڕیسوای کرد، هەروەها دامودەزگاکانی حکومەتی بە کەمتەرخەم زانی و ڕەخنەی لێگرتن چونکە زانیاریەکان دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەبەرچاوی هێزەکانی ناوەخۆوە کارەساتەکە پەرەی گرتووە و ئەوانیش خەمساردانە ڕەفتاریان لەگەڵ دا کردووە .

**بەڵێ بۆ گۆڕان ..**

**بەڵێ بۆ پێشکەوتن ..**

**ئەنجومەنی بەرەی گۆڕان**

**٢٠٠٧-٢-٢٣**

# ٤٠٠ چەکدار لە پلانی بەغداد دەکوژرێن!

**کامەران خورشید**

هێزەکانی ئەمریکا و عێراق بە مەبەستی گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ عێراق پلانی ئاسایشی بەغدادیان دەستپێکرد کە پێیانوابوو ئەمە دەستپێکی گێڕانەوەی ئاسایش دەبێت و لە ماوەیەکی کورتدا کارە توندوو تیژیەکانی ناو عێراق کۆتاییان دێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ نەک هەر شاری بەغداد پاک نەکراوەتەوە و ئاسایشی بۆ نەگێڕدراوەتەوە، بەڵکوو کارە توندوو تیژیەکان وەکوو خۆیان درێژەیان هەیە، ئەمەش جگە لە شکستی پلانی ئاسایش هیچ واتایەکی دیکەی نابێت. سەرەتا بەر پرسانی حکومەتی عێراق باسی ئەوەیان دەکرد کە ٨٠% کردەوە توندوو تیژیەکان کەم بوونەتەوە و لە ڕۆژانی داهاتووش بە تەواوی بن بڕدەکرێن، ئەمریکیەکانیش خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم سەرکەوتنە دەردەبڕی و شاگەشکە ببوون، بەڵام ئێستا بەو ڕاستیە گەیشتوون کە گێڕانەوەی هێمنایەتی و ئاسایش بۆ بەغداد و شارەکانی دیکەی عێراق لە تراویلکە دەچێت. گرفت لە سەرنەکەوتنی پلانی ئاسایشی بەغداد نیە، گرفت لەوەیە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە ئەوان ٤٠٠ کەسی چەکداریان کووشتوە، ئەمەشی بە سەرکەوتن لێکدایەوە! با بەبیر خۆمانی بهێنینەوە ئەگەر ڕژێمی سەدام خۆی ڕایگەیاندبایە کە ئەوان لە ماوەی ٢ هەفتەدا ٤٠٠ عێراقیان لەناو شاری بەغداد کووشتوە، ئەوکاتە ئێمەی بەرهەڵستکارانی ڕژێمی سەدام بە خوودی سەرۆک وەزیرانی ئێستاشەوە چیمان دەگووت؟؟

ئایا نەمان دەگووت کە ڕژێمی سەدام ڕەشە کووژی درێژە پێدەدات و تەڕوو وشک بەیەکەوە دەسووتێنێت؟ هەموو دوونیامان لەوە پڕ نەدەکرد کە ڕژێمی سەدام دەستی بەکورسی حکومەت گرتووەو بەری نادات!! باکی بەکوشتنی مرۆڤەکان نییە؟! ڕاستیەکەی جێگەی شەرمەزاریە بۆ حکومەتێک کە لە ماوەی ٢ هەفتەدا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە پێتەختەکەیدا بکووژرێن،١٠٠٠ کەس چ ئەوانەی بەر تەقینەوەکان کەوتبن، چ ئەوانەی لەلایان هێزەکانی عێراق و ئەمریکیەکان کووژرابن، داخباری ئەوەیە کە ١٠٠٠ مرۆڤ خوێنیان ڕژاوە. ئێستا دەبێ بپرسم ئەوە چ کاربەدەستانێکن کە ئەوەندە دەستەڵات و کورسی حکومەتیان خۆش دەوێت، ١٠٠٠ کەس لە ٢ هەفتە دەکوژرێن و ئەوانیش دەست لەکار ناکێشنەو و واز ناهێنن؟!

دەبێت ئەو کەسانە چەندە تینوی دەستەڵات بن کە باکیان بە کووشتنی خەڵک نەبێ و ڕاشکاوانە بێنە بەردەم چاوی کامێراکان و بڵێن ئەوەندە مرۆڤمان کوشتووە چونکە نەیاری ئێمە بوون؟؟ باشە مرۆڤ کوژی چییە؟! ئایا بەس دیکتاتۆر و جەلادەکان مرۆڤ دەکوژن؟ مەرج نیە کێ مرۆڤەکان دەکوژێت، گرنگ ئەوەیە کە دەستەڵات ڕێک بە ئاگرو ئاسن دەست بە کورسی حوکمەوە دەگرێت و باکی بە خوێن ڕژاندن نی یە.